# سەرچاوەی پەیمانی کۆن

## بەشی یەکەم. سەرەتای پەیمانی کۆن (٣٩ کتێب)

**أ. ئەو ڕووداوانەی کە بوونە هۆی نووسینی پەیمانی کۆن**
**ب. کتێبەکانی شەریعەت (مووسا) (١٤٤٧-١٤٠٧ پ.ز)**
**ج. کتێبە مێژووییەکان (١٩٠٠-٤٦٠ پ.ز)**
**د. کتێبە شیعرییەکان (١٩٠٠-٤٠٠ پ.ز)**
**هـ. کتێبە پێغەمبەرایەتییەکان (٧٨٨-٤٢٠ پ.ز)**

## بەشی دووەم. گواستنەوە و وەرگێڕانی دەستنووسەکان و کانۆنی پەیمانی کۆن

**و. گواستنەوەی کۆپییەکانی دەستنووسەکانی پەیمانی کۆن**
**ز. زووترین وەرگێڕانەکانی پەیمانی کۆنی عیبری**
**ح. کانۆن یان لیستی کتێبە سروشکراوەکان و خاوەن دەسەڵاتەکانی پەیمانی کۆن**

## بەشی یەکەم. سەرەتای پەیمانی کۆن (٣٩ کتێب)

مەسیحییەت بە یەکەم هاتنی مەسیح دەستی پێنەکردووە، بەڵکو لەگەڵ دروستکردنی جیهاندا دەستی پێکردووە. تەواوی کتێبی پیرۆز (پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ) بناغەیە بۆ فێرکاری و ژیانی مەسیحییەکان.

## أ. ئەو ڕووداوانەی کە بوونە هۆی نووسینی پەیمانی کۆن

### ١. خودا ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ مرۆڤەکان کرد.

خۆئاشکارکردنی خودا پێش کەوتنی مرۆڤایەتی واتە گوناهکردنی ئادام و حەوا دەستی پێکرد. خودا ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ یەکەم مرۆڤەکان کرد١. لە کتێبی پەیدابوون خودا بە تایبەتی قسەی لەگەڵ ئادەم و حەوا، نووح، ئیبراهیم (٢١٦٧-١٩٩٢پ.ز)، ئیسحاق (٢٠٦٧-١٨٨٧پ.ز)، یاقووب (٢٠٠٧-١٨٦٠پ.ز) و یوسف کرد.

### ٢. وشەکانی خودا بە زارەکی گوازرانەوە و تۆمارکران.

لە (دواوتار ٦:٦-٩) و (زەبوور ٧٨ :١-٨) ئەوە ڕوونە کە خودا خۆی بایەخی بەوە داوە کە وشەکانی فەرامۆش نەکرێن (لەبیر نەچنەوە). بۆیە بەرپرسیارێتیی خستە سەر شانی باوکان، باپیران و نەوەکانی دواتر تاوەکو وشەکانی بۆ نەوەی داهاتوو بگوازنەوە. دەبێت وشەکانی خودا لەناو دڵدا هەڵبگیرێن، لەبەر بکرێن، گفتوگۆیان لەسەر بکرێت و بە کردەیی لە ژیاندا پیادە بکرێن.
لە سەردەمانی دواتردا قوتابخانەی تەواو هەبوون کە تێیدا وشەکانی خودا بەبێ هەڵە لەبەر دەکران! سێ هۆکار هەن بۆ ئەوەی چۆن نەریتی زارەکی وشەکانی خودا بەبێ هەڵە مانەوە:

- ڕەگەزی مرۆڤ تا ڕادەیەک بچووک بوو و هێشتا بەسەر هەموو زەویدا بڵاو نەببووەوە.
- مرۆڤەکان چەند سەد ساڵ دەژیان و بەمەش چەندین نەوە لەگەڵ یەکتر دەژیان.
- خودا فەرمانی بە هەندێک لە مرۆڤەکان کرد کە وشەکانی تۆمار بکەن.

### ٣. نووسەران سوودیان لە دەستنووسە کۆنەکان وەرگرتووە (لە خولقاندنەوە تا ١٤٤٧ پ.ز).

زیاتر لە ٤٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە بابل و میسر کتێبخانەی پڕ لە "کتێب" و "مێژووی تۆمارکراو" هەبوون، کە لەسەر

تابلێتی قوڕ٢و تومار یان کتێبی (کۆدێکس)٣ دروستکراو لە پاپیرۆس نووسرابوون. ئەم مێژووانە هەروەها بەکارهێنران بۆ نووسینی پەیمانی کۆن.

لە یەکەم پەرتووکی کتێبی پیرۆز، پەیدابوون، موسا چەندین «گێڕانەوەی مێژوویی» بچووکتر لەناو یەک پەرتووکدا کۆکردبووەوە: پەیدابوون ٥ : ١؛ پەیدابوون ٦ : ٩؛ پەیدابوون ١٠ : ١؛ پەیدابوون ١١ : ١٠، ٢٧؛ پەیدابوون ٢٥ : ١٢، ١٩؛ پەیدابوون ٣٦ : ١، ٩ و پەیدابوون ٣٧ : ٢. دۆزینەوەی نامەکانی تەل عەمارنە (٣٦٠ تابلێتی قوڕ بە زمانی ئاشووری وەک لە میسر، ئەوە دەسەلمێنێت کە ئاڵوگۆڕکردنی نامە هەر لە سەردەمی (١٥-١٤ی پ.ز سەدەکانی) (زمانێکی دیپلۆماسی موسادا (١٤٤٧ پ.ز) نەریتێکی جێگیر بووە. هەروەها لەو سەردەمەدا ئەلفوبێ و جۆرە جیاوازەکانی نووسین بە شێوەیەکی بەربڵاو ناسراو بوون. بۆیە زۆر ئەگەرێکی بەهێزە کە ووشە و کارەکانی خودا لە چەندین بەڵگەنامەدا تۆمار کرابێتن.

### ٤. عیبری و ئارامی

عیبری: کۆنترین شێوەی عیبریی کتێبی پیرۆز، کە پێی دەوترێت عیبریی دێرین یان پالیۆ-عیبری، لە بەشە شیعرییەکانی کتێبی پیرۆز و ئەو نەخش و نووسینانەدا دەبینرێت کە مێژووەکەیان بۆ دەوروبەری ساڵی ١٠٠٠ پ.ز.، واتە سەرەتای سەردەمی پاشایەتی دەگەڕێتەوە.

ئارامی: لە کتێبی پیرۆزدا بە شێوەیەکی سەرەکی لە عزرا ٤ : ٨ تا ٦ : ١٨ و ٧ : ١٢-٢٦، و دانیال ٢ : ٤ب تا ٧ : ٢٨، هەروەها لە تەلموودی بابلی و ئۆرشەلیمدا دەبینرێت. لەو ماوەیەی کە جووەکان بۆ بابل ڕاگوێزران (٥٨٦-٥٣٨ پ.ز.)، ئەو زمانەی جووەکان پێی دەدوان لە عیبرییەوە دەستی بە گۆڕان کرد بۆ ئارامی، و نووسینی چوارگۆشەی ئارامی جێگەی ئەلفوبێی عیبریی کۆنی گرتەوە. لە ناو جووەکاندا، ئارامی لە لایەن خەڵکی ئاساییەوە بەکاردەهات، لە کاتێکدا عیبری وەک زمانی ئایین و حکومەت و چینی باڵا مایەوە. دوای ئەوەی ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی (لە کۆرشی مەزنەوە تا خەشایارشا یەکەم) ئیمپراتۆریەتی بابلیی نوێی لە ساڵی ٥٣٩ پ.ز. داگیر کرد، ئارامی بوو بە زمانی سەرەکیی ژیانی گشتی و کارگێڕی. داریۆشی مەزن لە ساڵی ٥٠٠ پ.ز. ئارامیی ئیمپراتۆریی وەک زمانی فەرمیی نیوەی ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریەتەکەی ڕاگەیاند، و هەر ئەم ئارامیی ئیمپراتۆرییەشە کە بناغەی ئارامیی کتێبی پیرۆز پێکدەهێنێت. عیبریی کتێبی پیرۆز زمانی سەرەکیی کتێبی پیرۆزی عیبرییە. ئارامی تەنها نزیکەی ٢٥٠ ئایەت لە کۆی زیاتر لە ٢٣,٠٠٠ ئایەتی پەیمانی کۆن پێکدەهێنێت. ئارامیی کتێبی پیرۆز پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ عیبریدا هەیە، چونکە هەردووکیان سەر بە خێزانی زمانە سامییەکانی باکووری ڕۆژئاوان.

١ پەیدابوون ١ :٢٨
٢ دەرچوون ٣٤ :٢٧-٢٨
٣ دواوتار ٣١ :٢٤
پەیمانی کۆن ١

## ب. کتێبەکانی شەریعەت (مووسا) (١٤٤٧-١٤٠٧ پ.ز)

کتێبەکانی شەریعەت (یان تەنها 'شەریعەت') پێکدێن لە پێنج کتێبەکەی مووسا لە پەیمانی کۆندا: پەیدابوون، دەرچوون، لێڤییەکان، سەرژمێری و دواوتار. کتێبەکانی شەریعەت لەلایەن مووساوە لە نێوان ١٤٤٧ و ١٤٠٧ پ.ز. نووسراون.

### ١. مووسا: مێژوونووسێک (١٥٢٧-١٤٠٧ پ.ز).

"مووسا بە هەموو حیکمەتی میسرییەکان پەروەردە کرا و پیاوێکی بەهێز بوو لە قسە و کرداردا"٤. مووسا لە میسر وەک کوڕی هەڵگیراوی خوشکی فیرعەون، شازنە حەتسەپسووت گەورە بوو، کە ڕاسپێردراوی فیرعەون توتمۆسی سێیەم (١٥٠١-١٤٤٧) بوو بۆ ٢١ ساڵی یەکەمی حوکمڕانییەکەی. ئەو بە باشی ئاشنای جوگرافیا، کەلتوور و زمانەکانی میسر و سینا بوو. ئەو مێژوونووسێک بوو کە "تۆمارە نووسراوەکانی ڕەچەڵەکناسی و مێژوویی"٥ کۆکردەوە کە بنچینەی کتێبی پەیدابوونیان پێکهێنا.

کتێبی پەیدابوون پێکدێت لە "گێڕانەوەی مێژوویی ئاسمانەکان و زەوی لەو ڕۆژەی کە خولقێنران"[٦]، "تۆماری مێژوویی نووسراوی وەچەی ئادەم"[٧]، هی نووح[٨] ، هی کوڕەکانی نووح: سام، حام و یافەت[٩]، هی تارەح، کە ئیبراهیمی کوڕی لەخۆگرتبوو[١٠]، هی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم[١١]، هی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم[١٢]، و هی عیسۆ [١٣]و یاقووب[١٤] (کوڕەکانی ئیسحاق)، کە یوسفی کوڕی لەخۆگرتبوو.
هەندێک لەم گێڕانەوانە هی هەزاران ساڵ پێش مووسا بوون. بۆ کۆکردنەوەی کتێبەکانی شەریعەت [١٥]مووسا سوودی لەم تۆمارە کۆنە ڕەچەڵەکناسی و مێژووییانە وەرگرتووە، "کتێبی جەنگەکانی خواوەند"[١٦]، تۆمارە نووسراوەکانی تری بەردەست لە میسر و لە کۆتاییدا قسەکردنی ڕاستەوخۆی خودا لەگەڵیدا[١٧].
خودا ڕاستەوخۆ لەگەڵ مووسا قسەی کرد [١٨]و خۆی و ویستی خۆی بۆی دەرخست. بە تایبەتی پێی گوت چۆن گەلەکەی لە کۆیلایەتی میسر ڕزگار دەکات، و دەربارەی یاسای ئەخلاقی، ڕێوڕەسمی و یاسای کۆمەڵایەتی بۆ گەلی ئیسرائیل. خودا فەرمانی بە مووسا کرد کە وشەکانی تۆمار بکات[١٩]. کۆپییەکی ڕێپێدراوی کتێبی شەریعەت لە تەنیشت سندوقی پەیمان دانرا وەک شایەتێک دژی گەلی خودا[٢٠]. پێنج کتێبەکەی شەریعەت دەستبەجێ لەلایەن گەلی خوداوە وەک وشەی خودا بۆ مرۆڤ ناسران.
یەشوع بوو بە جێنشینی مووسا و ئەو ئاشنای کتێبی شەریعەت بوو[٢١]. یەشوع تەنانەت شەریعەتەکەی لەسەر بەرد نوسییەوە بۆ خوێندنەوەی گشتی لەلایەن هەمووانەوە، بە ژنان و منداڵان و بێگانەکانیشەوە[٢٢].

خودا نەک تەنها هانی نووسینی کتێبەکانی شەریعەتی دا، بەڵکو لە بەدرێژایی مێژوو پاراستنی، سەرەڕای ئەوەی کە کتێبەکانی شەریعەت گوناهەکانی ئیسرائیل و دڵە ڕەقەکانیانی شەرمەزار دەکرد. بۆیە پاراستنی کتێبەکانی شەریعەت ناتوانرێت وەک دەسکەوتێک بۆ  گەلی ئیسرائیل لە قەڵەم بدرێت. پارێزەری وشەی خودا، خودی خودایە!

کتێبەکانی پەیمانی کۆن لە بنەڕەتدا بە زمانی عیبری نووسرابوون، جگە لە چەند بەشێکی کەم کە بە زمانی ئارامی نووسرابوون.

## ٢. ناوەڕۆکی کتێبەکانی شەریعەت.

کتێبی پەیدابوون (١٤٤٧ پ.ز) باسی مێژووی کار و ووشەکانی خودا دەکات لە سەرەتای دروستکردنی جیهان و (١٨٧٧ پ.ز) مرۆڤایەتییەوە تا ئەو کاتەی یەعقوب (ئیسرائیل) و نەوەکانی بۆ میسر کۆچیان کرد.[٢٣]

کتێبی دەرچوون (١٤٤٧ پ.ز) مێژووی چۆنیەتی بوونی ئیسرائیل بە نەتەوەیەکی گەورە لە میسر باس دەکات، چۆن میسرییەکان چەوساندیانەوە و کردیانن بە کۆیلە و چۆن خودا لەم کۆیلایەتییەی میسر ڕزگاری کردن. کتێبەکە یاسای ئەخلاقی خودا[٢٤]، زنجیرەیەک یاسای کۆمەڵایەتی [٢٥] و ژمارەیەک یاسای ڕێوڕەسمی تێدایە، بە تایبەتی دەربارەی چادرگەی پەرستن (دەرچوون ٢٥-٤٠).

کتێبی لێڤییەکان (١٤٤٦ پ.ز) یاسا ڕێوڕەسمییەکانی خودا دەربارەی قوربانییەکان، کاهنییەتی و جەژنە ئایینییەکان لەخۆدەگرێت.

٤ کردار ٧ :٢٢
[٥]sefer toldot بە عیبری
٦ پەیدابوون ٢ :٤
٧ پەیدابوون ٥ :١
٨ پەیدابوون ٦ :٩
٩ پەیدابوون ١٠ :١
١٠ پەیدابوون ١١ :٢٧
١١ پەیدابوون ٢٥ :١٢
١٢ پەیدابوون ٢٥ :١٩
١٣ پەیدابوون ٣٦ :١
١٤ پەیدابوون ٣٧ :٢
١٥ یۆحەنا ١ :١٧
١٦ سەرژمێری ٢١ :١٤
١٧ دەرچوون ٣ :١-٢٢

١٨ دەرچوون ٣ :٤
١٩ دەرچوون ١٧ :١٤؛ دەرچوون ٢٤ :٤، ٧؛ دەرچوون ٣٤ :٢٧-٢٨؛ سەرژمێری ٣٣ :٢؛ دواوتار ٣١ :٩، ٢٤
٢٠ دواوتار ٣١ :٢٦-٢٧
٢١ یەشوع ١ :٨
٢٢ یەشوع ٨ :٣٢-٣٥
٢٣ پەیدابوون ٤٧ :٢٨؛ ٥٠ :٢٢؛ دەرچوون ١٢ :٤٠
٢٤ دەرچوون ٢٠ :١-١٧
٢٥ دەرچوون ٢١ :١–٢٣:٣٣

كتێبی سەرژمێری (١٤٤٦-١٤٠٧ پ.ز) مێژووی چۆنیەتی ڕێبەرایەتیكردنی ئیسرائیل لەلایەن خوداوە لە ڕێگەی بیابانەوە بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ باس دەكات تا گەیشتنە خاكی بەڵێنپێدراو، كەنعان (١٤٤٧-١٤٠٧ پ.ز).

كتێبی دواوتار (١٤٠٧ پ.ز) بیرخستنەوەی هەموو كارە گەورەكان و یاساكانی خودای تێدایە. مووسا ئەم كتێبەی بە "كتێبی شەریعەت" ناونا (دواوتار ٢٤:٣١-٢٦).

وشەی 'كتێبی شەریعەت' یان تەنها 'شەریعەت' (عیبری: تۆرا) ئاماژەیە بۆ هەموو پێنج كتێبەكەی مووسا. ئەوان پێش ساڵی ١٤.٧ پ.ز نووسراون و مێژووی كرداری خودا لەگەڵ مرۆڤ، وشەكانی خودا و كاریگەری كار و وشەكانی لەسەرمرۆڤ تێدایە.

### ٣. وشەكانی خودا سروشكراو و خاوەن دەسەڵاتن.

وشەكانی خودا لە كتێبەكانی شەریعەتدا، نەك تەنها دەبوو لە كتێبەكاندا بنووسرێن، بەڵكو دەبوو لە دڵ و مێشكی گەلی خوداشدا بنووسرێن. خودا فەرمانی كرد كە گەلەكەی دەبێت دەربارەی وشەكانی قسە بكەن، لەبەریان بكەن و بەپێی ئەوان بژین٢٦. خودا فەرمانی كرد كە گەلەكەی دەبێت تێرامان بكەن و گوێڕایەڵی وشەكانی بن ٢٧. كتێبەكانی شەریعەت دەستبەجێ لەلایەن ئیسرائیلەوە وەك وشەی خودا بۆ مرۆڤ ناسران٢٨.
عیسای مەسیح باوەڕی وابوو كە كتێبەكانی شەریعەت لەلایەن خوداوە سروش (وەحی) كراون و خاوەن دەسەڵاتن ٢٩. هەروەها نێردراوەكانی عیسای مەسیح گوتیان كە شەریعەت لەلایەن مووساوە نووسراوە٣٠.

## ج. كتێبە مێژوویەكان (١٤٠٠-٤٦٠ پ.ز)

كتێبە مێژووییەكان لە پەیمانی كۆندا ١٢ كتێبن: یەشوع، ڕابەران، ڕائووس، ١ و ٢ ساموئێل، ١ و ٢ پاشایان، ١ و ٢ پەختەی مێژوو، عەزرا، نەحەمیا و ئەستێر. كتێبە مێژووییەكان لەلایەن پێغەمبەران و قوتابییەكانیانەوە لە نێوان ١٤٠٠ و ٤٦٠ پ.ز نووسراون. لە پەرتووكی پیرۆزی عیبریدا پێیان دەوترێت 'پێغەمبەرە پێشینەكان' لەبری 'كتێبە مێژووییەكان.'

### ١. خودا فەرمانی كرد كە دەبێت مێژووی گەلەكەی تۆمار بكرێت.

خودا خۆی فەرمانی بە ئیسرائیلییەكان كرد كە كار و وشەكانی فەرامۆش نەكەن. دەبوو بۆ منداڵ و نەوەكانیانی بگێڕنەوە بۆ ئەوەی كار و فەرمانەكانی خودا لەبیر نەكەن٣١! ئەمە ئیسرائیلییەكانی هان دا بۆ تۆماركردنی مێژووی ئیسرائیل و كۆكردنەوەی وشەكانی خودا لە یەك كتێبدا.
نەتەوەكانی دەوروبەری ئیسرائیلیش كتێبیان دەنووسی، بەڵام مێژوویان لەگەڵ خەیاڵ و ئەفسانەدا تێكەڵ دەكرد. بە پێچەوانەی ئەوانەوە، مێژوونووسانی ئیسرائیل ڕاستییە ڕاستەقینەكانی مێژوویان تۆمار كردووە كە جار لە دوای جار لەلایەن دۆزینەوەكانی شوێنەوارناسی و مێژووی نائاینییەوە پشتڕاست كراونەتەوە! ئەو ڕاستییەی كە ئەم مێژوونووسانە نەك تەنها لایەنە باشەكانی مێژووی ئیسرائیلیان تۆمار كردووە، بەڵكو گوناه و یاخیبوونی ئیسرائیلیشیان تۆمار كردووە،

دەیسەلمێنێت کە تۆمارە مێژووییەکانی ناو پەرتووکی پیرۆز تەنها لەسەر بنەمای بڕیار و هەڵبژاردنی مێژوونووسان نەبوون، بەڵکو لەسەر بنەمای فەرمان و سروشی خودا خۆی بوون!
کتێبە مێژووییەکانی ناو پەرتووکی پیرۆز کار و وشەکانی خودایان لە ناو ئیسرائیل و لە ناو نەتەوەکانی دەوروبەردا تۆمار کردووە. بە تایبەتی باس لەوە دەکەن چۆن ئیسرائیل جار لە دوای جار پەیمانی خودای شکاند، چۆن خودا سزای گوناهەکانیانی دا و چۆن خودا تەنها 'پاشماوەیەک'ی لە هەموو نەتەوە سروشتییەکەی ئیسرائیل ڕزگار کرد[٣٢].

**کتێبە مێژووییەکان دەکرێت بەم شێوەیە کۆکرابنەوە:**

- یەشوع لە بنەڕەتدا لەلایەن یەشوع خۆیەوە دانراوە بە بەڵگەی کارکردنی سەرنوسەری دواتر (١٤٠٥-نزیکەی ١٣٠٠ پ.ز)
- ڕابەران و ڕائووس ئەگەر زۆرە لەلایەن ساموئێلی پێغەمبەر یان قوتابییەکەیەوە دانرابن (نزیکەی ١٠٠٠ پ.ز)
- ١ و ٢ ساموئێل لەلایەن پێغەمبەرانی ترەوە نووسراون بە بەکارهێنانی سەرچاوە نووسراوەکانی پێشوو (لە نێوان ٩٣١ – ٧٢١ پ.ز)
- ١ و ٢ پاشایان ئەگەر زۆرە لەلایەن یەرمیا پێغەمبەر یان کەسێک لە بابل نووسرابن (دوای ٥٨٦ پ.ز)
- کتێبە گەورەکە: پەختەی مێژوو-عەزرا-نەحەمیا ئەگەر زۆرە لەلایەن عەزرای نووسەرەوە نووسرابێت کە هەروەها سوودی لە سەرچاوە نووسراوەکانی پێشوو وەرگرتووە (لە نێوان ٤٥٠-٤٢٥ پ.ز)
- ئەستێر لەلایەن شایەتحاڵێکی نەناسراوەوە نووسراوە (نزیکەی ٤٦٥ پ.ز).

## ٢. مێژوونووسان سوودیان لە کۆکراوە مێژووییە بچووکترەکان وەرگرتووە.

لە پەیمانی کۆندا دەربارەی کۆکراوە مێژووییە بچووکترەکان دەخوێنینەوە کە دواتر لە ناو کۆکراوە گەورەترەکاندا کۆکرانەوە و بەم شێوەیە کتێبە مێژووییەکانیان پێکهێنا کە ئەمڕۆ لە پەرتووکی پیرۆزدا هەمانە. یەشوعی سەرکردە و ساموئێل پێغەمبەر سوودیان لە 'کتێبی یاشار (دادپەروەر)' وەرگرتووە[٣٣]. کۆکراوە کورتی جۆراوجۆر لە مێژووی پاشاکانی ئیسرائیل دروستکراون. دەخوێنینەوە دەربارەی 'کتێبی کاروباری ڕۆژانەی سلێمان'[٣٤]، 'کتێبی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی ئیسرائیل'[٣٥]، 'کتێبی کاروباری ڕۆژانەی پاشاکانی یەهودا' [٣٦] و ئەوەی کە ئەستێر فەرمانی دا کە دەبێت ڕێساکانی پەیوەندیدار بە جەژنی پوریم بۆ وەچەکانیان تۆمار بکرێن سەبارەت بە کاتەکانی ڕۆژووگرتن و شیوەنیان[٣٧].

٢٦ دواوتار ٦:٦-٩
٢٧ یەشوع ٧:١-٨
٢٨ دەرچوون ١٩ :٣-٨؛ دەرچوون ٢٤ :٣-٤، ٧؛ دواوتار ٢٦ :١٧
٢٩ مەتتا ٤:٤؛ بەراورد بکە لەگەڵ دواوتار ٨ :٣
٣٠ یۆحەنا ١ :١٧؛ یۆحەنا ٥ :٤٥-٤٧؛ ڕۆما ١٠ :٥
٣١ دواوتار ٤ :٩؛ زەبوور ٧٨ :١-٨
٣٢ ٢ پاشایان ١٩ :٤، ٣٠-٣١
٣٣ یەشوع ١٠ :١٣؛ ٢ ساموئێل ١ :١٨
٣٤ ١ پاشایان ١١ :٤١
٣٥ ١ پاشایان ١٤ :١٩
٣٦ ١ پاشایان ١٤ :٢٩
٣٧ ئەستێر ٩ :٣١-٣٢

## ٣. مێژوونووسان ئیلهامیان لەلایەن خوداوە بۆ هاتبوو.

هەرچەندە نازانین کێ کتێبەکانی یەشوع، ڕابەران، ساموئێل و پاشایانی کۆکردووەتەوە، دەزانین کە ئەم کتێبانە لەلایەن پێغەمبەرانەوە نووسراون. پێغەمبەران مێژوویان لە ڕوانگەی خوداوە نووسیوە: "تۆمارەکانی ساموئێلی بینەر، تۆمارەکانی ناتانی پێغەمبەر و تۆمارەکانی گادی بینەر"[٣٨] و "بینینی ئیشایای پێغەمبەر لە کتێبی پاشاکانی یەهودا و ئیسرائیلدا"[٣٩]! مێژوو لە ڕوانگەی خوداوە هەڵسەنگێنراوە و تۆمارکراوە. بۆ نموونە: "ئاسا ئەوەی کرد کە لەبەر چاوی خوداوەند ڕاست بوو وەک داودی باوکی کردبووی" [٤٠] و "لەبەرچاوی یەزدان خراپەکاری کرد، بەدوای ڕێگای باوکی کەوت و هەمان گوناهی ئەوی کرد کە بەهۆیەوە وای کردبوو ئیسرائیل گوناه بکات"[٤١].

# د. کتێبە شیعرییەکان (١٩٠٠-٤٠٠ پ.ز)

## ١. کتێبە شیعرییەکان.

کتێبە شیعرییەکان لە پەیمانی کۆندا بریتین لە: ئەیوب، زەبوورەکان، پەندەکانی سلێمان، ژیرمەندی و گۆرانی گۆرانییەکان. شیوەنی یەرمیاش کتێبێکی شیعرییە (دوای ٥٨٦پ.ز). کتێبە شیعرییەکان لە نێوان ١٩٠٠-٤٠٠ پ ز نووسراون.

ئەیوب ئەگەر زۆرە لە باکووری عەرەبی یان ئارامی نووسرابێت و لە دەوروبەری ١٩٠٠ پ.ز وەرگێڕدرابێتە سەر عیبری.

زەبوورەکان ئەو گۆرانیانەن کە ئامێری مۆسیقای ژێداریان لەگەڵدایە، و وەڵامدانەوەی کەسیی باوەڕداران دەردەبڕن بەرامبە بە چاکە و نیعمەتی خودا. چەند زەبوورێک بیرۆکە و سروشتی خودا خۆی لەخۆدەگرن٤٢. زەبوورەکان لەلایەن نووسەری جۆراوجۆرەوە لە نێوان ١٤٠٠-٤٠٠ پ.ز نووسراون و لە کۆکراوەی گەورەتردا کۆکراونەتەوە. زەبووری ٩٠ لەلایەن مووساوە دانراوە (١٤٠٧پ.ز). زەبوورەکانی داود، ئاساف و سلێمان پێش ساڵی ٥٧١پ.ز نووسراون.
زەبوورەکانی کوڕەکانی قۆرەح و ئەزراحی پێش ڕاپێچکردن لە ٥٨٧ پ.ز نووسراون. زەبووری ١٢٦ و ١٣٧ زەبوورەکانی دوای گەڕانەوە لە ڕاپێچکردنن. هیچ بەڵگەیەک نییە کە هیچ زەبوورێک دوای ٥٠٠ پ.ز نووسرابێت.

### زەبوورەکان کۆکرانەوە و بۆ ٥ کتێب دابەشکران.

- کتێبی یەکەم (زەبووری ١-٤١) ئەگەر زۆرە لەلایەن داودەوە ڕێکخرابێت. ڕەنگە زووترین چاپی زەبوورەکان هەروەها زەبووری ٥١-٧٢ی داودی تێدابووبێت (لە نێوان ١٠٢٠-٩٧٥ پ.ز).
- کتێبی دووەم (زەبووری ٤٢-٧٢) زەبوورەکانی ئاساف و کوڕەکانی کۆراحی لەخۆگرتبوو٤٣.
- کتێبی سێیەم (زەبووری٧٣-٨٩) ڕەنگە لە کاتی بزووتنەوەی بوژانەوەدا لە سەردەمی پاشا یۆشیا (٦٣٨-٦٨٦پ.ز) کۆکرابێتەوە یان بە هەمان شێوە لە کاتی بەرنامەی چاکسازی پاشا حەزقیا (٧٢٦-٦٨٦پ.ز).
- کتێبی چوارەم (زەبووری٩٠-١٠٦) و کتێبی پێنجەم (زەبووری١٠٧-١٥٠) دوو کۆکراوەی زەبووری جۆراوجۆرن کە مێژووەکەیان نادیارە،دەبێت لە نێوان دەرچوون و ڕاپێچکردندا نوسرابن.
- کتێبی پێنجەم (زەبووری١٠٧-١٥٠) کۆکراوەیەک لە زەبووری جۆراوجۆرە کە مێژووەکەی نادیارە. هیچ ئاماژەیەکی مێژوویی یان بارودۆخێک لە زەبووری ٩٠-١٥٠دا پێشبینی ناکرێت کە لەگەڵ ڕووداوەکانی مێژووی عیبری پێش ساڵی ٤٣٠ دا نەگونجێت.

پەندەکان پێکدێت لە ٨٠٠ ئایەت لەگەڵ ناونیشانێک و ٨ بەش:

- پەندەکان ١ :٧ تا ٩ :١٨ وتەکانی خودی سلێمانن
- پەندەکان ١٠ :١ تا ٢٢ :١٦ وتەکانی خودی سلێمانن
- پەندەکان ٢٢ :١٧-٢٤ :٢٢ وتەی داناکانن کە لەلایەن سلێمانەوە کۆکراونەتەوە پێش ساڵی ٩٣١ پ.ز.
- پەندەکان ٢٤ :٢٣-٣٤ وتەی داناکانن کە لەلایەن سلێمانەوە کۆکراونەتەوە پێش ساڵی ٩٣١ پ.ز.
- پەندەکان ٢٥ تا ٢٩ وتەی کۆکراوەن لەلایەن لیژنەی حەزقیاوە پێش ساڵی ٦٨٥ پ.ز.
- ئێمە هیچ زانیارییەکمان دەربارەی ئاگور نییە،
- لیمۆیل
- یان نووسەری "ژنێکی خانەدان" لە پەندەکان ٣٠-٣١.
- ژیرمەندی لە لایەن سلێمانەوە پێش ساڵی ٩٧١ پ ز نوسراوە.
- گۆرانی گۆرانییەکان لە لایەن سلێمانەوە پێش ساڵی ٩٧١ پ ز نوسراوە.

### ٢. شیعری عیبری: وەڵامێک بۆ چاکە و نیعمەتی خودا.

دۆزینەوەی ژمارەیەکی زیادبووی شیعری ئەکەدییەکان لە بابل و میسرییەکان ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکاتەوە کە دراوسێیەکانی ئیسرائیل شیعریان نووسیوە هەر لە ساڵی ٢٠٠٠پ.ز. شیعر بە زمانی ئۆگاریتی (زمانێکی کەنعانی نزیک لە عیبری) لە ساڵی ١٥٠٠پ.ز دۆزراوەتەوە. بەم شێوەیە، ئیسرائیلییەکان نەک تەنها شیعر و نزایان دانا و بە گۆرانی گوتیان و لەبەریان کردن، بەڵکو لەو کاتەی کە دانرابوون تۆماریان کردن و بۆ نەوەکانی داهاتوو گواستیاننەوە. شیعری عیبری پێکدەهات لە گۆرانی کە ئامێری مۆسیقای ژێداری لەگەڵدابوو و وەڵامی کەسیی باوەڕدار لەبەر چاکە و نیعمەتی خودا بەرجەستە دەکرد. زەبوورە مەسیحاییەکان سروشن لەلایەن خودا خۆیەوە٤٤.

١ ٣٨ پەختەی مێژوو ٢٩ :٢٩-٣٠
٢ ٣٩ پەختەی مێژوو ٣٢ :٣٢
١ ٤٠ پاشایان ١٥ :١١
١ ٤١ پاشایان ١٥ :٢٦
٤٢ زەبوور ٢
٤٣ زەبوور ٤٢-٥٠
٤٤ زەبوور ٢

### ٣. ئەدەبیاتی حیکمەتی عیبری: مرۆڤ چۆن دەبێت بژیت.

گرنگترین خەسڵەتی ئەدەبیاتی دانایی سامی، بریتییە لەو بنەما کردەیی و ڕێنماییانەی کە باس لەوە دەکەن مرۆڤ چۆن دەتوانێت و چۆن دەبێت بە باشترین شێوە بژیت. ئەم فێرکارییانە لە ئەنجامی وردبوونەوە لە سروشتی مرۆڤ، ڕەفتارەکان و دەرئەنجامەکانیانەوە هاتوون. ئەوان کۆمەڵێک ڕێسا پێشکەش دەکەن بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن لە کایەکانی کۆمەڵایەتی، بازرگانی و تەنانەت سیاسەتیشدا، و ڕەوشت (ئەخلاق) لەسەر بنەمای ئەو پرەنسیپانە دادەمەزرێنن کە لە نێوان هەموو مرۆڤایەتیدا هاوبەشن.

حیکمەتی عیبری زیاتر سروشتێکی کردەیی هەبوو نەک تیۆری-فەلسەفی٤٥. پیاوی دانا کەسێک بوو کە دەیزانی چۆن شتەکان بە باشی بکات٤٦. ئەو دەیتوانی چارەسەری ڕاست لە بارودۆخە هەستیارەکاندا بدۆزێتەوە٤٧. وشەی 'حیکمەت' هاتە بەکارهێنان بۆ هونەری سەرکەوتنی پێکەوەیی لەگەڵ خودا و لەگەڵ مرۆڤ: لەگەڵ دەوڵەمەند و هەژار، لەگەڵ پاشا و کۆیلە، لەگەڵ دۆست و دوژمن، لەگەڵ دراوسێ و خەڵکی ڕەگەزی بەرامبەر. پیاوی دانا شتە ڕاستەکانی لە کاتە ڕاستەکاندا دەگوت٤٨.

پێدەچێت قوتابخانەیەکی دیار لە پیاوانی دانا لە کۆمەڵگەی عیبری کۆندا هەبووبێت، کە خۆیان تەرخان کردبوو بۆ تێبینی کردنی کاراکتەری مرۆڤ بەو شێوەیەی هەیە، بە دوای شیکردنەوەی ڕەفتاردا دەگەڕان، لێکۆڵینەوەیان لە کردارەکان لە دەرەنجامەکانیدا دەکرد، و ئەخلاقیان لەسەر بنەمای پرەنسیپە باوەکانی مرۆڤایەتی بە گشتی دادەمەزراند. لە بەرزترین شێوەیدا، ئەدەبیاتی حیکمەتی عیبری هەوڵی دەدا جەوهەری ڕاستی خودا بدۆزێتەوە. ئەدەبیاتی حیکمەت تێڕامانی لە هەموو دیاردە و ئەزموونە سروشتی و ئەخلاقییەکان دەکرد بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تەواوتر لە بنەمای کۆتایی ژیان و ئەو پرەنسیپانەی کە بەڕێوەی دەبەن تێبگات. خەڵکی لە هەموو نەتەوەکانەوە دەهاتن بۆ گوێگرتن لەو حیکمەتەی خودا دابووی بە سلێمان٤٩.

## هـ. کتێبە پێغەمبەرایەتییەکان (٧٨٨-٤٢٠ پ.ز)

### ١. کتێبە پێغەمبەرایەتییەکان.

لە پەرتووکی پیرۆزی عیبریدا پێیان دەوترێت 'پێغەمبەرە دواییەکان'. کتێبە پێغەمبەرایەتییەکان لە پەیمانی کۆندا بریتین لە چوار پێغەمبەرە گەورەکە لەگەڵ پێنج کتێبەکەیان: ئیشایا، یەرمیا (و شیوەنەکەی)، حەزقیێل و دانیال و ١٢ پێغەمبەرە بچووکەکان. کتێبە پێغەمبەرایەتییەکان لە نێوان ٨٠٠-٤٢٠ پ.ز نووسراون. ئەوان لە سەدەی ٨، ٧، ٦ و ٥ ی پ.ز نووسراون.

| | | |
|---|---|---|
| ١ **یۆئێل** ٨٠٠ پ ز | ٧ **ناحوم** ٦٦٠ پ ز | ١٣ **حزقیێل** ٥٩٣-٥٧١ پ ز |
| ٢ **ئامۆس** ٧٨٨-٧٣٧ پ ز | ٨ **سەفەنیا** ٦٣٩-٦٣٠ | ١٤ **عۆبەدی**ا پاش ٥٨٦ پ ز |
| ٣ **یونس** ٧٨٣-٧٤٣ | ٩ **یەرمیا** ٦٢٧-٥٥٠ پ ز | ١٥ **حەگەی** ٥٢٠ پ ز |
| ٤ **هۆشەع** ٧٥٤-٧١٤ | ١٠ **شینگوزارییەکان** ٥٨٦ پ ز | ١٦ **زەکەریا** ٥٢٠-٥١٨ پ ز |
| ٥ **میخا** ٧٣٧-٧١٤ | ١١ **حەبەقوق** ٦٠٨-٦٠٥ | ١٧ **مەلاخی** ٤٣٢-٤٢٠ پ ز |
| ٦ **ئیشایا** ٧٤٠-٦٨٠ | ١٢ **دانیال** ٦٠٤-٥٣٧ پ ز | |

## ٢. خودا لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوە قسەی کرد.

هەموو کتێبە پێغەمبەرایەتییەکانی ناو پەرتووکی پیرۆز پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە خودای پەرتووکی پیرۆز نووسەری کتێبە پێغەمبەرایەتییەکانە. زیاتر لە ٢٧٠٠ جار کتێبە پێغەمبەرایەتییەکان دەڵێن: "وشەی خوداوەند بۆ من هات، و گوتی" ٥٠ یان "ئەمەیە ئەوەیە خوداوەند دەفەرموێت"٥١! ئەم وشانە نیشان دەدەن کە پێغەمبەران دەمڕاستە سروشکراوەکانی خودا بوون. خودا خۆی، وشەکانی و ویستی خۆی بۆ پێغەمبەران دەرخست و لە ڕێگەی پێغەمبەرەکانیەوە لەگەڵ گەلەکەیدا قسەی کرد. سەرنج بدەن کە ئەو خودایەی لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوە قسەی کردووە پێی دەوترێت 'ڕۆحی مەسیح' ٥٢ یان 'ڕۆحی پیرۆز' ٥٣ لە پەیمانی نوێدا. بەم شێوەیە خودای پێغەمبەرە ڕاستەقینەکان خودای پەرتووکی پیرۆزە کە خۆی لە ڕێگەی مەسیح و ڕۆحەوە دەرخستووە.

## ٣. خودا فەرمانی بە پێغەمبەران کرد کە وشەکانی تۆمار بکەن.

ئیشایای پێغەمبەر دەبوو وشەکانی خودا دوو جار تۆمار بکات: یەکەم لەسەر تابلێتی قوڕ بۆ ئەوەی خەڵک بتوانن دەستبەجێ بە ئاشکرا بیخوێننەوە و دووەم لە کتێبێکی دروستکراو لە پاپیرۆس یان پێست بۆ ئەوەی نەوەکانی دواتریش بتوانن بیخوێننەوە٥٤. بەم شێوەیە تۆمارکردنی وشەی خودا وەک شایەتێک بۆ هەموو نەوەکانی دواتر کاری کردووە.

هەندێک جار پێغەمبەر سوودی لە نووسەرێکی دیکە دەبینی بۆ تۆمارکردنی ئەوەی دەیگوت. بۆ نموونە، ئەم وشەیە لە لایەن خوداوەندەوە بۆ یەرمیا هات: "«تۆمارێک بۆ خۆت بهێنە و هەموو ئەو وشانەی کە پێم فەرمووێت سەبارەت بە ئیسرائیل و یەهودا و هەموو گەلان، لە ماوەی پاشایەتی یۆشیاوە هەتا ئەمڕۆ، هەمووی تێدا تۆمار بکە.  بەڵکو بنەماڵەی یەهودا گوێیان لە هەموو ئەو بەڵایە دەبێت کە بە نیازم بەسەریان بهێنم، بۆ ئەوەی هەریەکە و لە ڕێگا خراپەکانی خۆیەوە بگەڕێتەوە، منیش لە تاوان و گوناهەکانیان خۆشدەبم.  یەرمیاش باروخی کوڕی نێرییای بانگکرد، لە کاتێکدا یەرمیا هەموو وشەکانی یەزدانی دەگوتەوە کە پێی گوترابوو، باروخیش لە تۆمارێکدا نووسییەوە٥٥.
بەم شێوەیە تۆمارکردنی وشەکانی خودا وەک شایەدییەک بۆ هەموو نەوەکانی دواتر کاری کرد

**کتێبی یەرمیا ئەگەر زۆرە چەند چاپی هەبووبێت، سێ چاپی یەکەم لە کاتی ژیانیدا:**
<u>چاپی یەکەم</u> لەلایەن پاشا یەهۆیاقیمەوە لەناو برا ٥٦.

٤٥ پەندەکان ١ :١-٧
٤٦ دەرچوون ٣١ :٣-٥
٤٧ پەیدابوون ٤١ :٣٩
٤٨ پەیدابوون ٤١ :٣٩؛ ٢ سامۆئێل ١٤؛ ١ پاشایان ٣؛ پەندەکان ١٥ :١، ١٨، ٢٢، ٢٣، ٢٨
٤٩ ١ پاشایان ٤ :٢٩-٣٤
٥٠ یەرمیا ١ :٤
٥١ یەرمیا ٢ :٥
٥٢ ١ پەترۆس ١ :١٠-١١
٥٣ ٢ پەترۆس ١ :٢٠-٢١
٥٤ ئیشایا ٣٠ :٨
٥٥ یەرمیا ٣٦ :١-٤
٥٦ یەرمیا ٣٦ :٤

چاپی دووەم ٥٧
چاپی سێیەم (چاپێکی کورتتر کە بەشەکانی بە ڕیزبەندییەکی جیاواز ڕێکخرابوون، لە میسر لە کاتی ژیانی یەرمیادابلاوکرایەوە. ئەم چاپە لە وەرگێڕانی سێپتواجێنت پارێزراوە.
چاپی چوارەم و کۆتایی (کۆکراوەیەکی گشتگیرتر ئەگەر زۆرە لەلایەن باروخەوە کرابێت کە بابەتەکانی بە ڕیزبەندییەکیلۆژیکیتر ڕێکخرابوون و دوای مردنی یەرمیا بلاوکرایەوە. ئەم چاپە لە دەقی ماسۆریدا پارێزراوە.

دانیال لێکۆڵینەوەیەکی پەرتووکی پیرۆزی لە چەند 'کتێبێکی' (کۆ) یەرمیا ئەنجامدا ٥٨.

## ٤. کتێبە پێغەمبەرایەتییەکان لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرا و وەرگیران و لە وتەی پێغەمبەرە درۆزنەکان ڕزگاریان بوو.

'پێغەمبەرە دواییەکان' (واتە پێغەمبەرانی دوای ڕاپێچکردن) (٦٠٧-٥٣٨پ.ز) لێکۆڵینەوەیان لە کتێبەکانی 'پێغەمبەرە پێشینەکان' (واتە پێغەمبەرانی پێش ڕاپێچکردن) دەکرد و وەریان دەگرتن و ئاماژەیان بەوە دەدا کە پێشبینییەکانی پێغەمبەرە پێشینەکان دەرکەوتووە کە ڕاست و جێی متمانەن٥٩. پێغەمبەران لێکۆڵینەوەیان لە کتێبەکانی یەکتر دەکرد. بۆ نموونە، دانیال پێغەمبەر لێکۆڵینەوەی لە کتێبەکانی یەرمیا پێغەمبەر دەکرد٦٠.
پێغەمبەران پێشبینییەکانی یەکتریان وەک وشەی خودا دادەنا، کە ئیلهامیان لەلایەن ڕۆحی خوداوە بۆ هاتبوو٦١. و وتەکانی یەکتریان لە کتێبەکانیاندا وەرگرتووە. بۆ نموونە، وشەکانی ناو ئیشایا ٢: ٢-٤ و میخا ٤: ١-٣ ڕێک وەک یەکن. چونکە ئەوان هاوسەردەمی یەکتر بوون، ناتوانین بڵێین کێ لە کێی وەرگرتووە.
جێگەی سەرنجە کە سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە پێغەمبەران بە ئاشکرا دژی گوناه و نافەرمانی ئیسرائیلییەکان و پێغەمبەرە درۆزنەکان قسەیان دەکرد٦٢، ئیسرائیلییەکان نەیاندەتوانی و نەیانتوانی ئەم کتێبانەی پەرتووکی پیرۆز کە پێشبینییەکانیان لە دژی خۆیان تێدابوو لەناو ببەن! لەکاتێکدا وتەی پێغەمبەرە درۆزنەکان لە ئیسرائیلدا ون بوون، بە دەسەڵاتی خۆی خودا چاودێری ئەوەی کرد کە پێشبینی و وتەکانی پێغەمبەرە ڕاستەقینەکان لە ئیسرائیلدا بۆ هەموو نەوەکانی دواتر بپارێزرێن.

# بەشی دووەم. گواستنەوە و وەرگێڕانی دەستنووسەکان و کانۆنی پەیمانی کۆن و. گواستنەوەی کۆپییە دەستنووسەکانی پەیمانی کۆن

## ١. دەستنووسە نووسراوەکانی دەستی پەیمانی کۆنی عیبری.

**چۆن خۆناساندنی بنەڕەتی لە خوداوە دەتوانرێت بە وردی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تری داهاتوو بگوازرێتەوە؟**

نزیکەی هەموو کتێبە بنەڕەتییەکانی پەیمانی کۆن بە زمانی عیبری نووسرابوون. بەڵگەنامەیەی دەستنووس بە زمانی عیبری پێی دەوترێت 'دەستنووسی عیبری'. ئەو دەقە عیبرییەی کە ئەمڕۆ هەمانە پێی دەوترێت دەقی ماسۆری، چونکە لە ماسۆرییەکانەوە وەرگیراوە و لە ڕێگەی دروستکردنی کۆپی دەستنووسەوە لە ماوەی زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵدا بۆمان گواستراوەتەوە. کۆنترین کتێبی پەیمانی کۆن (ئەیوب) نزیکەی ١٩٠٠ ساڵ پ.ز نووسراوە و دوایین کتێب (دانیال بەشەکانی (٧-١٢) نزیکەی ساڵی ١٥٠ پ.ز تەواو کراوە.
لە ڕۆژانی کۆندا هیچ ئامێرێکی چاپکردن نەبوو. هەموو کتێبێک لە بنەڕەتدا بە دەست دەنووسرا و چەندین کۆپی دەستنووس لەلایەن کەنیشتەکانەوە (کەنیسە) لە شارەکانی تر دروست دەکران. ئەمانە یەکەم نەوەی دەستنووسەکان بوون. دوای چەندین ساڵ لە بەکارهێنان، ئەم یەکەم نەوەی دەستنووسانە دەستیان دەکرد بە دڕان و زۆر کۆن دەبوون بۆ بەکارهێنان. بۆیە نەوەی دووەمی کۆپی دەستنووس لەم یەکەم نەوەی ئەو دەستنووسانە دروست دەکران. بەڵام دیسانەوە، دوای چەندین ساڵ لە بەکارهێنان، نەوەی دووەمی دەستنووسەکانیش زۆر کۆن دەبوون بۆ بەکارهێنان. بۆیە نەوەی سێیەمی کۆپی دەستنووس لەم نەوەی دووەمی دەستنووسانە دروست دەکران. و هتد.

ئێمە چیتر دەستنووسە بنەڕەتییەکانی کتێبە جیاوازەکانی پەیمانی کۆنمان نییە، بەڵام کۆپی دەستنووسە بنەڕەتییەکانمان لە چەندین نەوەی کۆپییەکان دۆزیوەتەوە! کۆنترین دەستنووسە عیبرییەکان کە بۆمان پارێزراون لە هەندێک نموونەدا نزیکتر نین لە هەزار ساڵ لە کاتی دانانی بنەڕەتی!

## ٢. دەستنووسەکانی پەیمانی کۆن پێش سەردەمی مەسیحی.

گرنگترین دەستنووسەکانی پەیمانی کۆن کە مێژووەکەیان بۆ پێش سەردەمی مەسیحییەت دەگەڕێتەوە، بەشێکن لە تومارەکانی دەریای مردوو. لە ساڵی ١٩٤٧دا، هەزاران پارچە لە دەستنووسی عیبری لە ناو گۆزەی گڵیندا دۆزرانەوە، کە لە دەوروبەری ساڵی ٦٨ی زایینیدا، کەمێک پێش وێرانکردنی ئۆرشەلیم، لە ناو ئەشکەوتەکانی بیابانێکی وشک لە نزیک قومران لە فەلەستین شاردرابوونەوە. نزیکەی ٤٠،٠٠٠ پارچە بە وردی پێکەوە لکێندران بۆ پێکهێنانی نزیکەی ٥٠٠ تومار، کە مێژووەکەیان بۆ نێوان ساڵانی ٢٠٠ پ.ز. و ٦٨ ز. دەگەڕێتەوە.

دوو گرنگترین تومارەکە، هەردووکیان دەستنووسی عیبریی پەرتووکی ئیشایا بوون. یەکەم توماری ئیشایا کە بە «توماری دەریای مردووی ئیشایا» ناسراوە، کۆپییەکی تەواوی پەرتووکی ئیشایا بوو و مێژووەکەی بۆ ١٢٥ پ.ز. دەگەڕایەوە. ئەم تومارە سەر بە هەمان خێزانی دەستنووسی دەقی ماسۆری بوو و نزیکەی ١٠٠٠ ساڵ کۆنتر بوو لە کۆنترین دەستنووسی عیبریی دوای خۆی کە تا ئێستا مابێت (کە مێژووەکەی بۆ ٨٥٠ ز. دەگەڕێتەوە). دووەم تومار کە بە «توماری زانکۆی عیبریی ئیشایا» ناسراوە، لە بەشە گەورەکانی ئیشایا (بەشەکانی ٤١-٦٦) پێکهاتبوو و مێژووەکەی بۆ ٥٠ پ.ز. دەگەڕایەوە. دەقەکەی تەنانەت لە دەقی ماسۆری نزیکتر بوو. هیچ شتێک لەو دۆزینەوانەی لە قومراندا بەدی کراون، متمانەپێکراوی و دەسەڵاتی بنەڕەتیی دەقی ستانداردی عیبریی کتێبی پیرۆزمان ناخاتە مەترسییەوە.

کاتێک بەراوردی ئەو دەقە عیبرییەی ئەمڕۆ لەبەردەستماندایە (دەقی ماسۆری) لەگەڵ دەقە عیبرییەکانی ئەم دوو تومارەی ئیشایادا دەکەین، دەبێت بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە دەستنووسەکانی پەیمانی کۆن بە درێژایی سەدەکان بەوپەڕی وردی و دڵسۆزییەوە گواستراونەتەوە.

٥٧ یەرمیا ٣٦ :٣٢
٥٨ دانیال ٩ :٢
٥٩ زەکەریا ٧ :٧-١٠
٦٠ دانیال ٩ :٢
٦١ زەکەریا ٧ :١٢
٦٢ یەرمیا ٢٣ :٩-٣٢

## ٣. کۆپیکردنی وریای دەستنووسەکانی پەیمانی کۆنی عیبری.

چی کرا بۆ دڵنیابوون لە کۆپیکردن و گواستنەوەی دڵسۆزانەی کتێبە بنەڕەتییەکانی پەرتووکی پیرۆز، بەجۆرێک کە بتوانین متمانەمان بە وشەی خودا هەبێت ئەمڕۆ؟
سێ گرووپ لە مرۆڤەکان بەشدارییان کرد لە گواستنەوەی دڵسۆزانەی دەقە عیبرییەکە لە ڕێگەی چەندین سەدەدا.
ئەوانیش سۆفێریم، تالموودییەکان و ماسۆرییەکان بوون.

### ١. سۆفێریم (ستانداردکەرانی دەقی بێدەنگی عیبری) (٤٥٧ م. ز. بۆ ٢٠٠ی ز)

سۆفەریم هەڵبژاردەیەک بوون لە نووسەران و مامۆستایانی تەورات کە لە سەردەمی عەزرای نووسەردا دامەزران. لە عەزرا ٧ :٦، ١٠ دەخوێنینەوە، "عەزرا مامۆستایەک بوو کە بە باشی شارەزا بوو لە شەریعەتی مووسا... عەزرا خۆی تەرخان کردبوو بۆ خوێندن و جێبەجێکردنی شەریعەتی خوداوەند، و فێرکردنی بڕیار و یاساکانی لە ئیسرائیلدا". و لە نەحەمیا ٨ :١٣ دەخوێنینەوە چۆن سەرۆکی هەموو خێزانەکان، لەگەڵ کاهنەکان و لێڤییەکان، لە دەوری عەزرای نووسەر کۆبوونەوە بۆ گرنگیدان بە وشەکانی شەریعەت. سۆفێریم لە نێوان نزیکەی ٤٥٧ پ.ز تا نزیکەی ٢٠٠ی زایینی کاریان کردووە. بۆ زیاتر لە ٦٠٠ ساڵ سۆفێریم کۆمەڵەی فەرمی بڵاوکردنەوەی پەرتووکی پیرۆزی ئەو سەردەمە بوون. دەستکەوتی گەورەیان لە ستانداردکردنی دەقێکی پاکی بێدەنگی (کۆنسۆنانی) پەرتووکی پیرۆزی عیبری بوو.

یەکەم چاپی ڕەخنەیی پەیمانی کۆنی عیبری (پێش ١٧٤ پ.ز)
دۆزینەوەکانی قومران (ئەو دوو تومارەی پەرتووکی ئیشایا) ئاماژە بەوە دەکەن کە پێش سەردەمی مەکابییەکان (پێش ساڵی ١٧٤ پ.ز)، پەیمانی کۆنی عیبری بە شێوەیەکی زانستی دووبارە ڕێکخراوەتەوە. ئەمەش لە ڕێگەی لیژنەیەکی تایبەتەوە بووە کە لەژێر چاودێرییەکی فەرمیدا کاریان کردووە؛ ئەوان هەموو دەستنووسە عیبرییەکانی ئەو سەردەمەیان کۆکردووەتەوە و بە وردی بەراوردیان کردوون (تەنانەت ئەو کۆپییانەشی کە لە ئەرشیفی پەرستگاکاندا پارێزراو بوون). لە ئەنجامدا، دەقێکی ستاندارد و یەکگرتوویان بۆ پەیمانی کۆنی عیبری بەرهەم هێناوە، ڕێک بەو شێوەیەی کە زانایانی وەک (وێستکۆت-هۆرت) یان (نێسڵ-ئالاند) دەقێکی ستانداردیان بۆ پەیمانی نوێی یۆنانی ئامادە کردووە.

دووەم چاپی ڕەخنەیی پەیمانی کۆنی عیبری (نزیکەی ١٠٠ پ.ز).
سۆفێریمەکان (نووسەرە ئایینییەکان) دڵنیادەبوونەوە لەوەی کە هەر دەستنووسێکی نوێی پەیمانی کۆن ڕێک وەک دەقە بنەڕەتی و ستانداردەکە بێت. ئەوان بۆ هەر کتێبێکی پەیمانی کۆن، هەموو ئایەتەکان، وشەکان و تەنانەت پیتەکانیشیان دەژمارد و ژمارەی گشتییەکەیان لە کۆتایی هەر کتێبێکدا دەنووسی. بەم ڕێگە زیرەکانەیە، هەر کەسێک دەیتوانی بزانێت ئایا ئەو کۆپییەی لەبەردەستیدایە بێ هەڵەیە یان نا. بەم شێوەیە دەقی عیبریی پەیمانی کۆن لە دەوروبەری ساڵی ١٠٠ی پێش زاییندا بە تەواوی یەکخرایەوە و کرا بە ستاندارد.

### ٢. تالموودییەکان (گواستەرەوەکانی لێکدانەوەکانی دەقی عیبری) (١٠٠ پ.ز – ٥٠٠ی زایینی).

تاڵموودییەکان ئەو زانا جووانە بوون کە لە سەرەتادا بە زارەکی و دواتر بە نووسین، بڕێکی زۆر لە تەفسیر و لێکدانەوە کۆنەکانی شەریعەت و کتێبەکانی تری پەیمانی کۆنیان پاراست. ئەوان لە نێوان ساڵانی ١٠٠ی پێش زایین تا ٥٠٠ی دوای زایین (بۆ ماوەی ٦٠٠ ساڵ) چالاک بوون و ئەرکی گواستنەوەی لێکدانەوەکانی پەیمانی کۆنیان لەسەر شان بوو.

بەرهەمەکانی ئەوان جگە لە تەفسیر، چەندین چیرۆکی فۆلکلۆری، بەسەرهاتی مێژوویی و وتاری جۆراوجۆری ئایینی لەخۆ دەگرت. زۆربەی بابەتەکانیان دەربارەی پرسیارە یاساییەکان یان وردەکارییە ئاڵۆزەکانی ڕێوڕەسمە ئایینییەکان بوو. ئەم کۆمەڵە زانیارییە گەورەیە لە سێ کتێبی سەرەکیدا پارێزراون کە پێیان دەوترێت: میدراش، تاڵموود و تۆسێفتا.

ئەم کتێبانە زۆر گرنگن، چونکە چەندین ئایەتی پەیمانی کۆنیان تێدا وەک نموونە هێنراوەتەوە. ئەم نموونانە یارمەتیمان دەدەن ببینین کە ئەو دەقە عیبرییەی ئەمڕۆ لەبەردەستماندایە زۆر ورد و بێ هەڵەیە. ئەو هەموو ساڵەی کە دەقەکە بە دەست نووسراوەتەوە، نەبووەتە هۆی گۆڕانی دەقە بنەڕەتییەکە!

**میدراش** (بە واتای "لێکۆڵینەوە یان لێکدانەوەی دەق" دێت کە لە وشەی 'داراش' وەرگیراوە واتە گەڕان و پشکنین) (١٠٠-٣٠٠ زایینی):
ئەمە ڕوونکردنەوەیەکی ئایینی و وتارە بۆ پەیمانی کۆن، کە وەک تەفسیرێک وایە بۆ پێنج کتێبەکەی شەریعەت (تەورات). میدراش لە دوو بەش پێکدێت:

هالاکا بە واتای "ڕێگا یان شێواز" دێت. ئەمەیان تەفسیر و ڕوونکردنەوەیە بۆ پێنج کتێبەکەی شەریعەت.

هاگادا بە واتای "ڕوونکردنەوە" دێت. ئەمەیان تەفسیرە بۆ تەواوی پەیمانی کۆن و چەندین پەند، مەتەڵ و چیرۆک لەخۆ دەگرێت. هەروەها کۆنترین وتارەکانی ناو کەنیشتەکان (پەرستگای جوولەکان)ی تێدایە. گرنگییەکەی لەوەدایە کە چەندین ئایەتی پەیمانی کۆنی تێدا هێنراوەتەوە، کە هەندێکجار کەمێک جیاوازن لەو دەقە فەرمییەی (دەقی ماسۆری) کە ئێستا هەمانە.

**تۆسێفتا** بە واتای "پاشکۆ" دێت:
ئەمە کۆمەڵێک وانە و نەریتی مامۆستا ئایینییەکان (تەنائیم) لەخۆ دەگرێت کە پەیوەندییەکی نزیکیان بە "میشنا"وە هەبووە.

**تالموود** بە واتای "فێربوون یان ڕێنمایی" دێت:
ئەمە لە نێوان ساڵانی ١٠٠-٥٠٠ی زایینی دروست بووە و لە دوو بەش پێکدێت:

میشنا: بە واتای "دووبارەکردنەوە" دێت. ئەمە کۆمەڵێک یاسای زارەکییە کە دەوترێت لە حەزرەتی مووساوە بۆ ٧٠ گەورەی نەتەوەکەی گواستراوەتەوە. میشنا بۆ ٦ بەش (سێداریم) دابەش بووە: کشتوکاڵ، ژنان، یاسای مەدەنی، یاسای سزادان، قوربانییەکان و شتە ناپاکەکان.

گێمارا: بە واتای "تەواوکەر" دێت. ئەم بەشە بە زمانی ئارامی نووسراوە و وەک تەفسیرێکی فراوانتر بۆ "میشنا" وایە. دوو جۆری هەیە:

گێمارای فەڵەستینی: (نزیکەی ساڵی ٢٠٠ زایینی) کە قەبارەکەی بچووکترە.

گێمارای بابلی: (نزیکەی ساڵی ٥٠٠ زایینی) کە قەبارەکەی زۆر گەورەترە.

### ٣. ماسۆرییەکان (ستانداردکەرانی دەقی دەنگی عیبری) (٥٠٠ – ٩٥٠ی زایینی).

ماسۆرییەکان ئەو زانایانە بوون کە شێوەی کۆتاییيان بە دەقی عیبریی پەیمانی کۆن بەخشی. ئەوان لە نێوان ساڵانی ٥٠٠ تا ٩٥٠ی دوای زایینی کاریان کردووە.
نزیکەی هەموو پەرتووکە بنەڕەتییەکانی پەیمانی کۆن بە زمانی عیبری نووسراون. ئەلفوبێی عیبری لە سەرەتادا تەنیا ٢٢ پیتی هەبوو و هەموشیان پیتە "بێدەنگەکان" بوون (واتە دەنگی بزوێنیان وەک "ئا، ئۆ، ئی" لەگەڵ نەبوو). لەبەر ئەوە، کاتێک دەقە عیبرییەکە دەخوێندرایەوە، خوێنەرەکە دەبوو خۆی لە مێشکیدا دەنگی بزوێنەکان بۆ وشەکان دابنێت.
تەنیا لە دوای ساڵی ٥٠٠ی زایینی بوو کە چەند نیشانە و خاڵێک بۆ دەقەکە زیاد کران بۆ ئەوەی وەک دەنگی بزوێن کار بکەن و نیشانی بدەن وشەکان چۆن دەخوێندرێنەوە.

سێیەم چاپی ڕەخنەیی پەیمانی کۆنی عیبری (نزیکەی ٥٠٠ی زایینی).

ماسۆرییەکان دەقە عیبرییەکەیان لە سۆفێریمەکان وەرگرت و چەند خاڵێکیان بۆ زیاد کرد کە وەک دەنگی "بزوێن" (وەک: ا، و، ی یان فەتحە و زەمە و کەسرە) وان. ئەم خاڵانە وایان کرد کە خوێندنەوەی وشەکان و واتای ڕێزمانییان بە تەواوی ڕوون و دیار بێت. ماسۆرییەکان زۆر سوور بوون لەسەر ئەوەی کتێبەکانی پەیمانی کۆنی عیبری بە بێ هەڵە بپارێزن. ئەوان لە پاراستنی ئەم دەقەدا ئەوەندە دڵسۆز و ماندوو بوون، کە لە تەواوی مێژووی مرۆڤایەتیدا هیچ دەقێکی تری مێژوویی یان ئایینی بەو وردی و دڵسۆزییە نەپارێزراوە! ئەوان هێندە لە کارەکەیاندا بەویژدان بوون، تەنانەت ئەگەر هەڵەیەکی زۆر ئاشکراشیان لە دەقە کۆنەکەدا بدیدیایە، دەستیان تێ نەدەوەرد و وەک خۆی دەیاننووسییەوە. ئەوان دەقە عیبرییە کۆنەکەیان ڕێک بەو شێوەیەی کە پێیان گەیشتبوو، بۆ ئێمە گواستەوە.

دەرەنجام: سۆفێریمەکان، تالموودییەکان و ماسۆرییەکان بەوە دڵنیاییان دا کە دەقی کتێبەکانی کتێبی پیرۆز وەک خۆی بمێنێتەوە؛ ئەوەش لە ڕێگەی ژماردنی هەموو ئایەت، وشە و پیتەکانی ناو هەر کتێبێک، هەروەها بەوەی کە ڕازی نەدەبوون هیچ دەستکارییەک لە دەقەکەدا بکەن. بۆیە ئەو دەقە عیبرییەی ئەمڕۆ لەبەردەستمانە، لە هەموو بنەماکانیدا ڕێک وەک ئەو وەشانەیە کە سەد ساڵ پێش لەدایکبوونی عیسای مەسیح و هاوەڵەکانی، وەک دەقێکی فەرمی و باوەڕپێکراو قبوڵ کرابوو. دۆزینەوەکانی "قومران" دەیسەلمێنن کە ئەم وەشانە لەسەر بنەمای وەشانی یەکەمی پەیمانی کۆن دروست کراوە، کە ئەویش بە بەراوردکردنی باشترین و کۆنترین دەستنووسەکان ئامادە کرابوو. ئەم وەشانی سێیەمەی کە پیت و دەنگی بزوێنەکانی تێدایە، زۆر لە دەقە ئەسڵییەکان (کە پێغەمبەرەکان خۆیان نووسیویانە) نزیکمان دەکاتەوە و بەڵگەیەکی ڕاستەقینەی پەیامی خودامان پێ دەدات.

### ٤. دەستنووسە عیبرییەکانی پەیمانی کۆن کە بنچینەی پەرتووکی پیرۆزی عیبری کیتێل پێکدەهێنن.

**گرنگترین دەستنووسە عیبرییەکانی پەیمانی کۆن کە ئەمڕۆ هەمانە بریتین لەمانەی خوارەوە:**

- کۆدێکس ئۆرێنتالیس ٤٤٤٥ لە مۆزەخانەی بەریتانی. دەستنووسێک کە مێژووەکەی ٨٥٠ی زایینییە. پێنج کتێبەکەی شەریعەتی تێدایە.
- کۆدێکس کایرێنسیس. دەستنووسێک کە مێژووەکەی ٨٩٥ی زایینییە. کتێبە مێژووییەکان و کتێبە پێغەمبەرایەتییەکانی تێدایە.
- کۆدێکس ئالێپۆ. دەستنووسێک کە مێژووەکەی ٩٠٠ی زایینییە. لەلایەن جووە سەفاردییەکانەوە لە حەلەب لە بڵاوکردنەوە ڕاگیراوە.
- تەوراتی سامری لە نابلس. کۆنترین تەوراتی سامرییە و لە بڵاوکردنەوە ڕاگیراوە.
- دەستنووسی لینینگراد. دەستنووسێک کە مێژووەکەی ٩١٦ی زایینییە. کتێبە پێغەمبەرایەتییەکانی تێدایە.
- یان کۆدێکس بابیلۆنیکوس پێترۆپۆلیتانوس. دەستنووسێک کە مێژووەکەی ١٠١٠ی زایینییە و تەواوی پەیمانی کۆن لەخۆدەگرێت.

ئەم دوایین دەستنووسە بنچینەی دەقی ماسۆری پەیمانی کۆنی عیبری پێکدەهێنێت کە لە پەرتووکی پیرۆزی عیبری کیتێلدا (لە چاپی ٣ بەدواوە) بڵاوکراوەتەوە. هەموو وەرگێڕانەکانی پەیمانی کۆن بۆ زمانەکانی تری جیهان لەسەر بنەمای ئەم دەستنووسەن!

دەئەنجام: بەهۆی دڵسۆزی ئەو کەسانەی کە کۆپییەکانی کتێبەکانی پەیمانی کۆنی عیبرییان لە ماوەی سەدەکاندا بۆ ئێمە گواستەوە، ئەمڕۆ وردترین پەیمانی کۆنی عیبری گونجاومان هەیە!

## ژ. زووترین وەرگێڕانەکانی پەیمانی کۆنی عیبری

**بۆچی کۆنترین وەرگێڕانەکانی کتێبەکانی پەیمانی کۆن گرنگن؟**

### ١- وەرگێڕانە ئارامییەکانی پەیمانی کۆنی عیبری (تارگومە ئارامییەکان).

لە کاتی ڕاگواستنی جووەکان بۆ بابل لە ساڵانی ٥٨٦ تا ٥٣٨ی پێش زایین، زمانی ئارامی کە زمانی نێودەوڵەتیی ئیمپراتۆرییەتی فارس بوو، جێگەی زمانی عیبریی گرتەوە لای جووەکان. لەبەر ئەوە، لە کاتی ڕێوڕەسمە ئایینییەکاندا پێویست بوو دوای خوێندنەوەی دەقە عیبرییەکان، وەربگێڕدرێنە سەر زمانی ئارامی. زۆرجار وەرگێڕەکان (بەتایبەت لە کاتی خوێندنەوەی کتێبی پێغەمبەرەکاندا) پەیامەکەیان بە شێوەیەکی سادەتر ڕوونکردەوە.

ئەم کارە دوای گەڕانەوەی جووەکان لە بابل هەر بەردەوام بوو. لە سەردەمی دیلێتی بابل و بەتایبەتی دوای دەرکردنی جووەکان لە فەڵەستین لە ساڵی ١٣٨ی زایینیدا، ئەم لێکدانەوانە نووسرانەوە و ناویان لێنرا "تارگوم" (واتە لێکدانەوە یان تەفسیر). ئەم وەرگێڕانانە زۆر گرنگن، چونکە زیاتر لە ٥٠٠ ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح ئەنجام دراون. ئەوان یارمەتیمان دەدەن تێبگەین کە ئەو دەقە عیبرییە بنەڕەتییەی وەرگێڕانەکەی لێ کراوە، زۆر ورد و بێ هەڵە بووە.

ناسراوترین تارگومەکان ئەمانەن:

تارگومی ئۆنکێلۆس: ئەمە لێکدانەوە و تەفسیرێکی "تەورات"ـە کە لە لایەن کۆمەڵێک زانای جوو لە بابل و لە سەدەی سێیەمی زایینیدا ئامادە کراوە

(٢) تارگومی یۆناتان بن ئۆزییێل، لێکدانەوەی ئازادتر بۆ پێغەمبەران (یەشوع-پاشایان، ئیشایا تا مەلاخی) کە لەلایەن

بازنەکانی بابلەوە بەرهەمهێنراوە (سەدەی ٤ی زایینی).

## ٢. وەرگێڕانە یۆنانییەکانی پەیمانی کۆنی عیبری (وەرگێڕانی سێپتواجێنت)

